ستۆکهۆڵم ـ 2006/08/13

برای هێژا کاک عومەر

پاش سڵاوێکی برایانە

دەمەوێ بەگەرمی پیرۆزبایی هەشتەمین ساڵیادی لەدایکبوونی کوردستان نێت لە خۆت و ستافی سایتەکەو خوێنەرانتان بکەم کە بەشبەحاڵی خۆم بە سایتێکی کوردستانیی ناوزەدی دەکەم و دەزانم دەتانەوێ بەردەوام بن لە خزمەتکردن و گەشەپێدان و بۆپێشەوەبردنی مەسەلە دیموکراتی و نیشتمانی و نەتەوەییەکان .
هەڵبەتە سەرفرازی و سەرکەوتن لە مەیدانی ڕاگەیاندندا ، بە گەیاندنی ئەو پەیامە پیرۆزە دەبێ کە خزمەتی کێشەی نەتەوەیی و نیشتمانی ئێمە دەکات ، لەم ڕێگەیەوە دەتوانرێ سەرنجی خوێنەرو ڕوناکبیرو سیاسەتمەدار ڕابکێشرێت ، هەروەها بە خۆدووڕاگرتن دەبێ لە بەکارهێنانی هەموو وشەیەکی ڕەش و هەموو کارو کردەوەیەکی نابەجێ کە سوکایەتی و بریندارکردن و ئاژاوە بەدوای خۆیدا دێنێ و خزمەتی هیچ مەسەلەیەکیش ناکات .
بێگومان ڕەخنەوڕەخنە لە خۆگرتن ، دەبێ دروشم و ڕێبازی خەڵکی ڕۆشنبیر بێت و ڕێزی لێبگیرێت و لێی نەسڵەمینەوە ، ڕەخنەگرتنی بەکەڵک و سوودبەخش و دروستکەر هۆکارێکە بۆ گەشەپێدان و بۆپێشەوەچوونێکی بەردەوام لە هەموو بوارەکاندا ، واتە زیندوڕاگرتنی شتەکان و سەرخستنی کارەکان . ئەوانەی دژی ڕەخنەی بەنرخن ، کەسانێکن ، ڕاوەستاو و مردوو ، نایانەوێ گەشەبکەن و بۆپێشەوە بڕۆن و بەو داخەشەوە سەردەنێنەوە .
لەدواجاردا دەستخۆشی لە خۆت و ستافی سایتەکەتان دەکەم ، سەرکەوتن و سەرفرازیتان بۆ دەخوازم .

عارف کەریم ـ ستۆکهۆڵم